**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

بەشی یەکەم

(دامەزراندن و ئامانجەکان)

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیان بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- سەندیکا: سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان.

٣- دەستەی گشتی: دەستەی گشتی سەندیکا.

٤- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

٥- نەقیب: نەقیبی پیشە تەندروستییەکان.

ماددەی دووەم:

بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بەناوی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا دادەمەزرێت و بارەگاکەی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێت و، خاوەنی

کەسایەتیی مەعنەوی سەربەخۆی و بۆی هەیە لقەکانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

مادەدەی سێیەم:

سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دێت کە بەلانی کەمەوە پانزدە ئەندام لەوانەی ماوەی کارکردنیان لە پیشە تەندروستییەکاندا لە پێنج ساڵ کەمتر نییە پێشکەشی لایەنی تایبەتمەندی دەکەن و بەدەستەی ئامادەکار دادەندرێ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری سەندیکا تا هەڵبژاردنی خۆی ئەنجام دەدا.

مادەدەی چوارەم:

سەندیکا بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کار دەکات:

١- بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢- رێکخستنی کارەکانی پیشە تەندروستییەکان لە بواری چالاکیی گشتیی و تایبەتیدا و پێشخستنی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی ئەندامەکانی لە هەرێمدا.

٣- رێکخستن و پتەو کردنی پێوەندیی ئەندامەکانی لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ دەزگا حکومەتییەکاندا و داکۆکی لێکردنیان و بەرگری کردن لە مافەکانیان تا بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

٤- پەرەپێدان و بەدیارخستنی رۆڵی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە هەرێمدا.

٥- هاندان و پشتگیری کردنی تۆژینەوە زانستییەکانی ئەندامانی و بەستنی ئەدوەو خولی تایبەت بۆ رێکردن لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی و تەندروستی.

٦- پەیوەندیی و هاریکاری کردن لەگەڵ ئەو سەندیکا و کۆمەڵانەی کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکا یەک دەگرنەوە، هەروەها بەشداری یەکتری کردن لە کۆنگرە و خولەکان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

٧- هەوڵدان بۆ زامن کردنی دوا رۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیریەتی و بێ کاریدا.

بەشی دووەم

(چوونە پاڵ سەندیکا و ئەندامییەتی)

مادەدەی پێنجەم:

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:

١- لە هاوولاتی کوردستانی عێراق بێ و تیایدا جێوار بێ.

٢ـ بەتاوانێکی نا سیاسی یان کەتنێکی ئابڕو بەر حوکم نەدرابێ.
٣ـ بڕوانامەی پەیمانگای تەندروستی یان قوتابخانەی تەندروستی یان خولی تەندروستی یان دواناوەندی تەندروستی هەبێ کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دانی پیانرابێت.
٤ـ ئەنجوومەنی سەندیکا بۆی هەیە ئەوانەی لە بواری تەندروستی دا کار دەکەن بکاتە ئەندام کە خاوەن پیشە تەندروستییەکانن و مۆڵەت پێ دراون.

ماددەی شەشەم:

١ـ چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب یا سەرۆکی لقی پارێزگا دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانیشی پێوە دەلکێنرێ.
٢ـ داواکاری چوونە ناو سەندیکا لە ماوەی (١٥)ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە لە سەندیکادا دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن بۆ براندنەوەی لەو ماوەیەدا و ئەگەر لە کاتی تەواوبوونی ئەو ماوەیەدا نەبراندرایەوە بە قەبووڵ کراو حساب دەکرێ.
٣ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکا و، خاوەنی داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگاداربوونییەوە تانەی لێ بدا، وە بڕیاری دادگاش بن برە.
٤ـ ڕەسمی چوونە ناو سەندیکا (٢٥)دینارەو ڕەسمی بەشداربوونیش (٢٠) دینارە.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکان و کاربەڕێوەچوون

ماددەی حەوتەم:

سەندیکا پێک دێ لە:
١ـ دەستەی گشتی.
٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانظباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا.

ماددەی هەشتەم:

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا پێک دێ کە هەموو پابەندییەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە بە پێی ئەم یاسایە، وە بە بالاترین دەسەلات دەژمێردرێ، وە بە هەر سێ ساڵ جارێک لەنێوان مانگی کانوونی دووەمدا بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب کۆبوونەوەیەکی گشتی ئاسایی دەبەستێت بۆ هەڵبژاردنی

نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ پڕکردنەوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی، وە نیسابیش بە ئامادەبوونی دوو سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ وە لە کاتی تەواو نەبوونی نیسابیش دوای پانزە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم، هەڵبژاردن لە هەمان کات و شوێندا ئەنجام دەدرێت، ژمارەی ئامادەبووانیش هەر چەندێک بێت نیساب بەتەواو دادەنرێت.

ماددەی نۆیەم:

دەستەی گشتی ئەم دەسەڵاتانە بەڕێوە دەبات:

١- ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.

٢- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی ئەنجوومەن.

٣- چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی لە بارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.

٤- بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ و هەموارکردنی.

ماددەی دەیەم:

ئەنجوومەنی سەندیکا پێک دێ لە:

یەکەم: نەقیب، دەبێ ماوەیەک لەم پیشەدا دەست بەکاربووبێ کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.

دووەم: بریکاری نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا: مەرجە ئەوانە دەست بەکاربوونیان لەم پیشەیەدا لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

ماددەی یانزدەیەم:

یەکەم: ئەنجوومەن لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا بە هەڵبژاردنی نهێنی سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ لەیەکەم کۆبوونەوەیدا کە لە دوای هەڵبژاردن دەکرێ و دەسەڵاتەکانی لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت.

دووەم: ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە هەر مانگێ جارێک دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام دەدا، هەر وەک دەتوانێ دانیشتنە نائاساییەکان بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێیەکی ئەندامان ببەستێت.

ماددەی دوانزدەیەم:

ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لە کارکێشراوە دادەنرێت ئەگەر هەر سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یان پێنج دانیشتنی پچڕ پچڕ بەبێ عوزری ڕەوا ئامادەنەبوو.

ماددەی سێزدەیەم:

ئەنجوومەن ئەم پسپۆڕیانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١ـ کارکردن لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.

٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیارەکان دەربارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا.

٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لەسەندیکاداو دیاری کردنی کرێکانیان.

٥ـ چاوپیاخشاندن بە داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکاو بڕیاردانی قبووڵ کردنی ئەندامان.

٦ـ دیاریکردنی ئەوەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا لە لیژنە ڕەسمییەکان و ئەوانی تر لە بارێک دا کە نەقیب نوێنەرایەتی نەکا.

٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشەو شکاتانەی کە بۆی دێن بۆ لیژنەی بەرزەفتی.

٨ـ بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان لە بارەی تەشریعەکان و پلانەکان و بەرنامە تەندروستیەکان لە هەرێمدا.

٩ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری کردنی حسابکاری دوماهی.

١٠ـ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.

١١ـ تەماشاکردنی دەست لە کارکێشانەوەی نەقیب یان بریکارەکەی یان هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن یا لیژنەکانی سەندیکا.

١٢ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان.

١٣ـ پێدانی هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بە نەقیب یا سەرۆکی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.

١٤ـ سەرف کردنی خەرجییە پێویستەکان.

١٥ـ بڕیار بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

ماددەی چواردەیەم:

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

یەکەم: نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای لایەنە دادوەری و کارگێڕی و سەندیکاکاندا و ڕاستاندنی مامەڵە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا، وە بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە خۆی دەست نیشانی بکا.

دووەم: سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەن.

مادەی پانزدەیەم:

یەکەم: ئەگەر جێگای نەقیب بەهەر هۆیەکەوە چۆڵ بوو بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە باقی ماوە، ئەگەر پایەی بریکاریش چۆڵ بوو ئەوا سکرتێر شوێنی نەقیب دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر پایەی نەقیب و بریکارەکەی چۆڵ بوون ئەندامێک لە ئەندامە ئەسڵییەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نهێنییەوە شوێنی دەگرێتەوە، پێویستە ئەنجوومەن دەستەی گشتی بانگهێشت بکا بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکا بەمەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب و بریکارەکەی بۆ ئەو ماوەیەی کە باقی ماوە بە مەرجێک لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

بەشی چوارەم

حوکە بەرزەفتییەکان (الاحکام الانظباطیە)

مادەی شانزدەیەم:

یەکەم: لیژنەی بەرزەفتی لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ، دەستەی گشتی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا هەڵیان دەبژێرێ.

دووەم: لیژنەی بەرزەفتی ئەو کێشانە سەیر دەکا کە لە ئەنجوومەنی سەندیکاوە بۆی هەواڵە دەکرێن لە بابەت ئەو سەرپێچیانەوە کە پەیوەندیدارن بە ڕەوشتی پیشەییەوە لەو حاڵەتانەدا کە لە تایبەتمەندێتی لیژنەکانی بەرزەفتی وەزارەتی تەندروستیدا نین، وە بۆی هەیە یەکێ لەو سزایانەی خوارەوە بسەپێنێ:

أ- ئینزار.

ب- توبیخ.

ج- قەدەغەکردني دەستدانە پیشە بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت.

د- لە کاتی گەڕانەوە(العود)، ئەگەر سەرپێچییەکی پیشەیی تری لەماوەی سێ ساڵی داهاتوودا لە مێژووی سەپاندنی سزای یەکەمدا کرد، ماوەیەک دەست دانە پیشەی لێ قەدەغە دەکرێ کە لە دوو ساڵ تێنەپەڕێ.

سێیەم: لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکا کە لە یاسای بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکانی دارایی

ماددەی حەڤدەیەم:

دارایی ئەنجوومەن پێک هاتووە لە:

یەکەم: ڕەسمەکانی چوونە ناو سەندیکا و بەشداری کردنی ساڵانە.

دووەم: بەخششەکانی حکومەتی هەرێم.

سێیەم: پیتاک و قازانجی ئەو ئاهەنگانەی کە سەندیکا دەیانگێڕێ، هەروەها قازانجی چاپەمەنییەکان.

چوارەم: ئەو بەخششانەی لایەنە ڕەسمیەکان و نیمچە ڕەسمییەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدەن وە ئەو پیتاک و لەقەبەرکردنانەی کە لایەنەکانی تر پێشکەشیان دەکەن دوای ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.

ماددەی هەژدەیەم:

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

ماددەی نۆزدەیەم:

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

ماددەی بیست:

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

بزاڤی ئازادیخوازی کورد کە پێشەوای نەمر «مستەفا بارزانی» ڕابەرایەتی دەکرد ئامانجەکانی ئەوەبوو کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیەوە بە مافەکانی خۆی بگات، لەبەر گرنگی سەندیکا پیشەییەکان و پێویستی دامەزراندنیان و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی لە هەرێمدا، هەروەها بۆ ڕێکردن لە تەک بەرەوپێش چوونی شارستانییەت و پتەو کردنی دەستەکەوتە ڕەواکانی، پێویستی کرد یاسای سەندیکای خودان پیشە تەندروستییەکانی هەرێم دەربهێندرێ.